# بانگەوازی ڕێپێوان بۆ پشتیوانی لە شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادی/ بەریتانیا-لەندەن

ڕژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران ماوەی ٤٣ ساڵە کە بە شێوەی جۆراوجۆر، خەڵک دەچەوسێنێتەوە و مافی ژیانێکی ئازاد و بەختەوەریان لێ زەوت دەکات. لەم پێکهاتە ستەمکار و پڕ لە هەڵاواردنەدا کە حکوومەتی کۆماری ئیسلامی دایمەزراندووە، ژنان، نەتەوە بندەستەکان (بەلووچ، عەرەب، کورد، تورک و هتد)، چینی کرێکار و هەژار و کەمینە ڕەگەزی و ئایینییەکان، ڕووبەڕووی ستەم و چەوساندنەوەیەکی گەورەتر بوونەتەوە و پەراوێز خراون. ئەم ڕژیمە پیاوسالارە هەر لە یەکەم ڕۆژەکانی هاتنەسەرکارییەوە ژنانی سەرکوت کردووە، حیجابی زورەملی بەسەردا سەپاندوون و گەلێک نادادپەروەریتری لە یاسای بنەڕەتییدا چەسپاندوون. لە هەمانکاتدا پێکهاتەی فرەنەتەوەیی، ئایینی و زمانەوانیی ناو کۆمەڵگای ئێرانی کردوەتە ئامانجی سیاسەتگەلی تاڵانی ئابووری، سەرکوتی سیاسی و ئاسیمیلەکردنی کولتووری. لەناوبردنی مافی ژیان لەلایەن ئەم حکومەتەوە هاوکات بووە لەگەڵ گەشەسەندنی هەژاری و نایەکسانی و وێرانکردنی ژینگە.

بەڵام لەم هەموو ساڵە تاریکانەی ستەم و خنکاندندا، چ لە ماڵ، چ لە شەقام و قوتابخانە و کارگەکاندا ڕەنگی بەرخۆدانی نەپساوەی گەل کاڵ نەبوەتەوە. تووڕەیی گشتیی لەپاش کوشتنی ژنی کورد ژینا ئەمینی لە ١٦ی سێپتەمبەر بەدەستی کۆماری ئیسلامی، بەرخۆدانە لێکدابڕاوەکانی لە ژێر ناوی شۆڕشی **ژن، ژیان، ئازادی** یەکخست. ئێستەش نزیک بە چوار مانگە، ئەم شۆڕشە بووە بە هەوێن بۆ وەرگرتنەوەی مافی ئازادی و ژیان بۆ هەمووان. شۆڕشی **ژن، ژیان، ئازادی** کە لە کوردستان دەستی پێکرد ئێستا گەیشتووەتە ئەو قۆناغەی کە لە ڕووبار و دارستانەکانی ئێرانەوە تا منداڵان، گەنجان، ژنان، کرێکاران و هەموو چین و توێژە پەراوێزخراوەکانی دیکە لە ژێر دروشمی **- ژن، ژیان، ئازادی-** کۆ کردووتەوە تاکوو بەم دەسەڵاتە خوێنڕێژە بڵێن نەخێر. هەرچەند بەردەوامی ئەم شۆڕشە سەرتاسەرییە تا ئەم ساتە سەرکوتی خوێناوی، ڕەشبگیری، زیندان، ئەشکەنجە و لەسێدارەدانی شۆڕشگێڕانی لەگەڵدا بووە  و بە نرخ و تێچووی زۆر لەوانە لەدەستدانی سەدان گیانی ئازیز دەستەبەر بووە.

بە مەبەستی پشتیوانی لە شۆڕشی **ژن، ژیان، ئازادی** لە ناوخۆی ئێران، بەرخۆدانی کوردستان و بەلووچستان و بەرزکردنەوەی دەنگی هەموو ئازادیخوازان لە دژی کۆماری ئیسلامیی ئێران، ئێمە وەکوو **- هاوکاری هاوبەشی هێزە چەپ، دیموکراتیک و ئازادیخوازەکان بۆ پاڵپشتی لە شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادی/ بەریتانیا-لەندەن -** بە پێشەنگایەتی ژنان و هێزە یەکسانیخواز و دیمۆکراتیکەکانی کوردستان و ئێران و لایەنە دیمۆکراتیکەکانی نێو ئەورووپا بەتایبەت وڵاتی ئاڵمان و بەریتانیا لە ڕۆژی ٢٨ی مانگی یەکی ساڵی ٢٠٢٣ لە شاری لەندەن چالاکییەک لە چەشنی ڕێپێوان و گردبوونەوەی جەماوەری بەڕێوە دەبەین. بۆیە بانگهێشتی هەموو لایەنە ئازادیخوازەکان دەکەین کە بە ڕەنگ و هێمای خۆیان لەم رێپێوانەدا بەشداری بکەن بۆ ئەوەی ببێتە چالاکییەکی کاریگەر بۆ پشتیوانی لە شۆڕشی **ژن، ژیان، ئازادی** لە کوردستان و ئێران.

**شوێنکاتی چالاکی:** ٢٨ی مانگی یەکی ساڵی ٢٠٢٣،

Date : 28 January 2023

Time : 13:00 PM

Address : BBC Portland Place

W1A 1AA

TO : Trafalgar Sq, London WC2N 5DN

**هاوکاری هاوبەشی هێزە چەپ، دیموکراتیک و ئازادیخوازەکان بۆ پاڵپشتی لە شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادی/بەریتانیا-لەندەن**

**Jinjiyanazadicollective@gmail.com**